# پینەدۆزی لە سیاسەتدا !

## مەلا بەختیار و دادگایی کردنی سەدام

رزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

دوێنێ 2005/10/21 رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، لە ژمارە 3806 ی خۆیدا ،ووتارێکی کاك (مەلا بەختیار ) بە ناونیشانی (( یەکەمین دادگایی خوێنرێژترین سەرۆك )) بڵاوکردەوە . کاك بەختیار لەم ووتارە بە حەماسەوە لە دەرگای زۆر شت دەدا ، هەروەکو عادەتە نەگۆڕەکەشی ، چ لە سمینارەکانی چ لە نووسینەکانی ، بە هەڵڕشتنی سەبەتەیەك لە موژدە و خۆشبینی ، بە دووپات کردنەوەی زارەوەکانی (سۆسیۆ-سیاسی ) و جیوپۆلیتیك و ستراتیژو هتد .. دەقێك دەکاتە دیاری ، تا بتوانێ هاوڵاتی کوردیش بکاتە شەریکی بۆچوونەکانی ، هەتا بتوانێ لە پاڵ ئەو دارشتنە لێواو لێوی تەفائوله، هاوڵاتی کورد وەکو مۆرفین ، قەلەقیەکانی لە ئایندەی خۆی و لە خوێندنەوەی واقیعانەی ڕووداوەکانی ڕۆژ لە بیر بچێتەوە .

پێش ئەووەی شارستانیەت دەستی بگاتە ئامرازەکانی گەیاندن ، حیکایەت خوانەکان لە ناوەڕاستی ئەورووپا ، لە پاڵ بازرگانی کردندا ، حیکایەت و بەسەرهاتی خۆیان لە دێ و ئاوەدانی ڕێگا دوورەکان دەگێڕایەوە ، زۆر جار گەشتەکانی خۆیانیان تێکەڵ دەکرد بە ئەفسانە ، ئەوانەی لە دەوری ئاگردانەکان گوێیان دەگرت تەواو بە ئیقاعی ڕووداوەکان سەرسام دەبوون ، بێنە بەرچاو لە سەردەمی سەتەلایەت و ئەنتەرنێتدا سیاسەتمەدارێك بیەوێ لاسایی حیکایەت خوان بکاتەوە ! چونکە کاك بەختیار بە جۆرێك نووسینەکەی خۆی دارشتووە وەکو بڵێ ی ئەو نزیکە و باقی خەڵکیش دوور ، ئەو دەقێکی بەرهەم هێناوە بە کوردی پێ ی دەڵێن لاواز و بە زمانی عەرەبیش پێ ی دەڵێن رکیك .

یەکێك لە کێشەکانی ڕەخنەگرتن لە کاك بەختیار کە بەرەو ڕووی زۆربەی ئەوانە دەبێتەوە کە ناتوانن چاو لە ناکۆکیەکانی میسۆدی فیکرو-عەمەلی ئەو مرۆڤە بپۆشن ، ئەوەیە کە ئەو کاتێ لە پەنای ناسنامەی رۆشنبیردا دێتە مەیدان ، کۆنترۆڵی هەیجانی خۆی ناکا و لە پاڵ دانە دانەی جوملەی جەدەلەکانی ، گۆپاڵ وەشاندن و هەرەشەی دەسەڵات ، لە ( دەستم دێ ) ی لۆژیکی power دەنگ دەداتەوە ، کاتێکیش وەکو سیاسەتمەدارێك دێتەوە مەیدان ، هەمیشە لە دوای ڕووداوەکاندا شەرحی ئەو پرۆژانە دەکاتەوە ، کە لەسەردەمی کاڵ بوونەوەدان ، بۆ شەرحی ئەم پرۆژانەش لە دوای ڕا پەرینەوە هەتا ئەمرۆش ، وەزیفەیەك کە ئەم زۆر بەچاکی دووبارەی دەکاتەوە ، تیئۆریزە کردنی شتە لە دەست چووەکانە وەکو دەسکەوت ، پینە کردنی لە دەست چوونی دەسکەوتەکانیشە وەکو گەنجینەی مێژوو .

کێشەی سەرەکی کاك بەختیار گەڕان نیە بە دوای حەقیقەت ئەگەر وەکو ڕۆشنبیرێك خۆی پێناسە دەکا ، ئەو مامەڵەیەکی تاڵ بە حەقیقەت دەکا و دەیەوێ جێ پێ خۆی لەئایندەی هەرەمی دەسەڵات قایم بکا ، ئەو دەبێ بە دەنگێك وەکو گۆرانیە قەدیمەکەی تیپی باواجی کۆیە ، لەم گۆرانیە هاوڵاتی ترس لە ئایندە

**دەیکا بە گۆرانی بێژوو هاوار دەکا بزمارە بزمارە ، کاک بەختیارو ڕیزێ مونەزیری سیاسی یەکێتی و پارتیش بە گۆرانی وەلام دەدەنەوە : بزمار نیە و مێخە یارم کچە شێخە !**

**پەیامی کاک بەختیار لەم نووسینە ئەوەیە کە پێمان بلێ ئەم دادگای کردنە زۆر گرنگە ، گرنگی ئەو ڕووداوە لە دیدی ئەودا بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناونیشانی ووتارەکەیدا بەرجەستە دەبێ ، پاشان گرنگیەکەی لە هەندێ خالدا کۆدەکاتەوە کە گرنگترینیان بە ڕای کاک بەختیار ئەمانەی خوارەوەیە :**

1- (( **لە ناو وولاتانی عەرەبیشدا ..سەدام حوسێن یەکەمین سەرۆك وولاتانی عەرەبیە کە وەکو تاونبار دەگیرێ و لە ناو دەولەتەکەیدا وەکو تاوانبار دەگیرێ و دادگایی دەکرێ** ))

**سکرتێری یەکێتی نیشتمانی لە سەردەمانێکدا ، بەلای کەمی بە شێك لە حوکم گێڕان و لەم خوێنڕێژیەی حوکمی سەدامی پێ واقیعی بووە ، چونکە ئەو کاتانەی لە سورداش و لە بەغداش کاك بەختیارو وەفدی مفاوەزاتی یەکێتی و بەعس ڕەسمیان لە گەلێ یەکتر دەگرت ، دەمێك بوو قسە مەشهورەکەی مامە بلاو ببۆوە کە لەتاریفی سەدامدا ووتبووی ( سەدام حەکەمە نەك حاکم ) ، ئەم ڕەسمانە کاك نەوشێروان لە کتێبەکانی خۆی بلاوی کردۆتەوە .**

**گرنگیەگ کە سەدامی لە سەر دادگایی دەکرێ لە ئێستادا ، بە پێچەوانەی بوچوونی کاك بەختیار بریتیە لە شان خالی کردنەوەیەکی گەورەی مێژوویی ، یەکەم تاوان کە دەبوایە لە سەری دادگایی کرابان دەبووایە ، بریتی بێ لە تاوانی جینۆساید کردنی کورد ، ئەوەی کە جینۆساید کردنی کورد لە هیچ بەلگەنامەیەکی دەولەتی ئەمڕۆی عێراقدا ڕەسمی نیە ، ئەنجامی سازشی یەکێتی و پارتیە لە بەرامبەر شیعەو لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی عەرەب ، ئەم سازشە درێژە هەیە بۆ ئەمڕۆی دادگا ، ڕەنگە وەلامی کاك بەختیار یان دەسەلاتی کوردی ئەوە بێ کە پەلە مەکەن لە جەلسەکانی داهاتوو ئەوەش باس دەکرێ ، گرفتەکە لەم پاشو پێشەدایە کە کەریزبەندی سیاسی لە پەنایدا هەناسە دەدا ، ئەوەی لە دێ ی ( دوجەیل ) کرا تاوانێکی گەورەی کۆمەلکوژیە ، بەلام باجی ئەم تەرتیبە لەڕیزکرنی تاوانەکانی سەدام و دارو دەستەکەی بریتی یە لە قفلێ دانی جێگەو ڕێگەی جینۆسایدی کوردە لە مێژووی تازەدا .**

**گرنگیەگ کە مەلا بەختیار لەم خالەی سەرەوە دەیەوێ دلمانی پێ خۆش بکا ئەوەیە کە لە نێو وولاتە عەرەبیەکاندا یەکەم جارە ئەم جۆرە لە دادگای کردن بەڕێوەبچێ ، چ کاك بەختیار چ دانە دانەی کەسایەتی و قوتبەکانی ناویەکێتی گرفتێکیان لە گەلێ دیکتاتۆریەتی هاوشێوەکانی سەدام لە دونیای عەرەبدا لە ڕابردوو نەبووە و لە ئەمڕۆشدا هەر نیە . بەلگە زۆرن لە سەر هەلوێستەکانی یەکێتی لە ڕابردوودا ، من پرسیار لە کاك بەختیار دەکەم حافز ئەسەدو سەدام جیاوازیان چیە ؟؟ سکرتێری یەکێتی چ لە ژیان و چ لە مرنی حافز ئەسەد تەنیا شیعری بە قەدو بالایدا نەوتووە دەنا هەرچی وەسفی مەجاز هەیە بۆی هۆنیتەوە ، کێشەکەش تەنیا ئەوە نیە بلێین مامە زیاد لە لزوم موجامەلە دەکا ، بەلکو ئەم دیماگۆجیەتە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئەندامە هەرە بە زیرەك ناسراوەکانتان ، ئەگەر بڕوا ناکەی نووسینەکەی**

فەرید ئەسەسەرد بخوێنەوە ، کە بەناونیشانی ( دووچاکەی سەرۆك حافز ئەسەد بە سەرمانەوە )کە لە دوای مردنی سەرۆکی سوریا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی کردەوە .
موعەمەر قەزافی چی کەمترە لە سەدام ؟ کە ئێستا ئایشە خانی کچی حەز دەکا بچێتە بەغدا و وەکو موحامیەك دیفاع لە تاوانبارانی جینۆساید بکا ؟ ئێوەش دەچن نافورەی گەورە لە سلێمانی بە ناوی موعەمەر قەزافی دەکەن ؟ ئەمە ئەگەر بە نیسبەت ئەو وولاتەعەرەبیانە بێ کە تەنیا کاتێ بە کوردی دەنووسی و دەدوێ ی وایان پێ دەڵێ ی ، ئەگەر بە نیسبەت دەوڵەتەکانی ئیقلیمیش بێ ، خومەینێ 23 ساڵ پێش زەرقاویەکانی ئەمڕۆی عیراق ووتی کورد کافرن ، سکرتێری یەکێتی چی نەکرد بۆ ئێران و بۆ خومەینی ؟ کام ژەنەڕاڵی تورکیا هەیە موستەحەقی دادگا نەبێ ؟ هەردوو دەسەڵاتی کوردی بۆ موجامەلەی ئەم ژەنەڕاڵانە لە دەیەی نەوەدەکانا چیان نەکرد ؟ ئەم پرسیارانە بۆیە خۆیان ڕیز دەکەن چونکە بە ئاشکرا دیارە ، کە ئێوە دەتانەوێ پەردەپۆشی سیاسی ئەم بچووك کردنەوەیە بکەن .
2- کاك بەختیار دەڵێ (( بینینی سەدام لە ناو قەفەسی تاواندا ، هاوشانی هاورێ تاونبارەکانی کە نەیاندەوێرا تەنانەت سەلامیش لە یەکتر بکەن ،بینینی دیمەنێکی ئاوای سەدام و هاورێکانی هەتا بڵێ ی ئاماژەیەکی قوڵە بۆ ئەوەی : کە بەلا دەشێ نەك عێراق ، بەڵکو تەواوی ڕۆژهەڵاتیش بگۆڕێ ))
جارێ ئەم لەفتەیەی کاك بەختیار زۆر لەوە سەتحی ترە بکرێتە فاکتی ئەنجام گیری لەو بابەتە ، لەوێ لەفتەی تر هەبوو پێچەوانەی ئەمە بوو ، بەڵام من وەکو کاك بەختیار ئەنجامگیری لە سەر بنیات نانێم ، هەر ئەوەی کە تەها یاسین ڕەمەزان ئەڵێ منیش هەمان وەڵامی سەرۆکی فەرماندەم هەیە تەواو پێچەوانەی ئەمەی کاك بەختیارە ، بێجگە لەوەش تەئکید کردنەوەی یەکێك لە تاونباران لە سەر عەگالەکەی وەکو ناسنامە ، ئەگەر نیشانی بارودۆخێ هێز نەبێ بۆتاونباران ئەوا نەتیجەی زوعفیش نیە لە دادگادا .
بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش هێزی ئەم تاونبارانە تەنانەت لە حاڵەتی ئیعدام کردنیشیان ، لە دەرەوەی هۆڵی دادگاو هەلوێستی تێك ڕوخاوی سایکۆلۆژی و کەسایەتی و مەعنەوی تاك تاکیان دایە ، ئایدەلۆژیەك کە ئەوان بۆ 35 ساڵ جێ بە جێ کەری بوون ، هەر ئێستا بە هۆی چالاکیەکی بەرفراوانی تیرۆر لە ئەمڕۆی عێراقدا ڕۆژانە سەدان سەدام و تەهاو عەلی کیمیاوی تازە ، خوێن گەرم و گەنج بەرهەم دێنێتەوە ، حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی ئەمریکا لە دادگا دادگایی سەدام دەکا ، لە دەرەوەی دادگاشدا مفاوەزات لە گەڵ پاشماوەکانی بەعس و حیمایەکانی سەدام دەکا !
ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە مەلا بەختیار پێ ی وایە سەرەی سەرۆکەکانیان دێ ، بەلای کەمی لە ئەمڕۆدا لە جیاتی گۆڕان لە عێراقدا کاریگەری هەبووبێ لە سەر حوکمی ئەواندا ، بە پێچەوانەوە ئەوان ئەمڕۆ لە کەناڵی جیوازەوە دەستیان خستۆتە بینە قاقای ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ڕۆژ لە عێراقدا !
ئەو دەوڵەتانە لە باری لۆجستیەوە یەکیکیان بە فەردە پارە ، یەکێکیان بە لۆری پڕ لە موجاهید ، یەکێکی تریان بە کردنەوەی تەلبەندەکانی سنوور ، بۆ هاتوچۆی تیرۆریستان وەرەقەی زۆر زیاتریان بە دەستەوەیە لەووەرەقەی پینەو وەهمەکانی کاك بەختیار ، لە باری دیبلۆماسیەوە کاك بەختیار خۆی لە

**هەموومان زیاتر ئاگای لێیە کە چۆن هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکانی ناوچەکە چ هەرایەکیان لە سەر بەندەکانی ناسنامەی عەرەبیی دەوڵەتی عێراق لە ڕەشنووسی دەستوردا دروست کرد ، ئەم پینانەی کاک بەختیار دەیکا سبەی ڕۆژ دەبێ بە دوکیومێنت و بەڵگە لە سەر زۆر ڕاستی ، بێ گومان یەکێك لەو ڕاستیانە ئەوە دەبێ کە کاک بەختیار وەستایەکی زۆر نەشارەزا بوو !**